Kurdistan Freedom Party
The Presidency

پارتی ئازادیی کوردستان
سەرۆکایەتی

PAK

# دیسان تاوانی تێرۆریستی لە دژی کورد و کوردستان

سەرلە بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە 09-05-2007 ، کامیۆنێکی TNT ڕێژ کراو، لە بەردەم وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆی کوردستان لە هەولێر تەقێندرایەوە و لەئاکامدا بێجگە لە خەسارەتی مادی، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان شەهید و بریندار بوون.

ئەم تاوانە تێرۆریستییە لە کاتێکدا دەخولقێ کە باشوری کوردستان لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و بەڕێوەبەریی و کارگێڕیدا، لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونداید.

تێکنیک و کەرەستەیەک کە لەو تاوانەدا بەکار هاتووە، ئاماژە و نیشانەی ئەوەن کە لە پشت بەڕێوەبەرانی ئەو تێرۆرەوە، لایەن و ناوەندی بەهێزتر لە دەستە و گروپی تێرۆرستی ڕاوەستاوە و دەبێ دەوڵەت یان دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بن.

ئەم ڕووداوە دەریدەخا کە دوژمنانی ئازادیی کورد و کوردستان لە دژایەتیکردن و پیلانگێڕی دژ بەم خاک و نەتەوەیە خافڵ نین و خۆیان مەلاس داوە تا هەر هەل و دەرفەتێک بۆ تاوان بقۆزنەوە. بۆیە لە بەرانبەر ئەوەدا، دەبێ ڕۆڵەکانی کوردستان بە خەڵک و سەرۆکایەتی و حکومەتەوە، یەکگرتووانە و بەوریاییەوە، هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکە بکەن و پێکەوە پیلانەکانی دوژمنان پووچەڵ بکەنەوە.

پارتی ئازادیی کوردستان وێڕای مەحکومکردنی ئەم تاوانە چەپەڵە، لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری شەهید و بریندارانی ئەو ڕووداوە بەتایبەتی و سەرۆکایەتی و حکومەت و پارڵمانی کوردستان و دانیشتوانی هەولێر بەگشتی هاوخەمی دەردەبڕێ.

سەرۆکایەتی
پارتی ئازادیی کوردستان
19 / گوڵانی / 2707
9 / مای / 2007